# ڕۆژی خۆشی یان ئیستفزازکردنی بەرامبەر

دڵزار حەسەن

دەمێکە دەمەوێت قسەیەك لە بارەی ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەیی و حزبی و حکومی و شەخسیەکانی کۆمەڵگای کوردی بکەم. کە لە پاش بەهاری 1991 جگە لە جەژنی نەورۆز کە بۆنەیەکی نەتەوەییە و کورد وەك ڕۆژێکی مێژووی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵ کردووە. لەو ساڵەوە تا ئێستاکەش دەیەها بۆنەی نەتەوەیی و حزبی و حکومی و شەخسی دیکە لە سایەی ئەو چەند ساڵەدا بەرهەم هاتوون. دیارە ئەژمارکردنی ئەو بۆنانە زۆر دەخایەنێت، بۆیە واز لەو ناوانە دەهێنم و راستەوخۆ باس لەو یادانە دەکەم کە حزبی و شەخسین کە رەنگە بە هەڵەدانەچووبم گەر بڵێم یادەکانی دیکەش بە قوربانی ئەو دوو یادە کراون. کە لە ناو مەراسیمەکان و ئاهەنگەکاندا وێنەی سەرکردەی حزب و هۆتافی شەخسی و ئایدۆلۆجی حزبەکە لێدەدرێت و بەرز دەکرێتەوە..

.بەمە تەواوی یادەکان دەکەونە ناو چوار چێوەیەکەوە کە جگە لەوەی ئاهەنگێڕان و خۆشی دەربڕین بە قەت ئەوەش بە شێوەیەك لە شێوەکان ئیستفزازی بەرامبەر دەکەن ، هەر ئەوەیە وامان لێدەکات ترس لەو بۆنە و یادانە بکەین کە دواجار لە جیاتی خۆشی ، ناخۆشی و نەهامەتی بۆ خەڵکی دەهێنێت. یان دەبینین ئەو لایەنە ئاهەنگەکە بەکاردەهێنێت بۆ دژی ئەو و پەڕۆکە حزبیەکەی دەخاتە ناو چاوی هاولاتیانەوە !!! دیارە ئەو شێوازەی ئاهەنگێران هێندە هیستریایانەیە هێندە ناچێتە نێو فەزای بۆنەی تایبەتیەوە ، بۆیە خەڵکی کاتێك بۆنەیەکی ئاوا دێتە پێش ئیدی ترس دایاندەگرێت بەوەی کە ئەو ئاهەنگانە نەهامەتیان بە دواوە وەیە. بۆ نموونە لە رۆژانی دەست بە کاربوونی پۆستی سەرۆکی هەرێم لە شاری هەولێردا جیا لەوەی لە لایەن هەندێك کەسەوە هیستریایانە مامەڵەیان لەگەڵ جەوەکە کرد .

لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی تەقەی خۆشیەوە کە دەبوا روونەدات چەندان هاولاتی بێ گوناهی ئەو شارە بریندابوون . بەراستی ئاهەنگ و بۆنە جیاجیاکان وای لێهاتووە خۆزگە بەوە بخوازین نەکرێت باشترە نەك داوای ئەوەی بۆ بکەین ئەو ئاهەنگانە بەردەوام بن. چونکە ئەو جۆرە یادو و هەڵپەڕکێیانە نەك خۆشی نادانە بەرامبەر بەڵکو بەهۆی شەڕە پەڕۆ و هۆتافی شەخس و حزبیەوە شعوری هەزاران ئینسانی دیکە بریندار دەکەن و بەو رووحە هێستریایانەیان بەرامبەر ئیستفزاز دەکەن و دڵی هەزاران مرۆڤی مەدەنی ئەو شارەش دەڕەنجێنن.....